

# بژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

**جمال محسن**
jamal_muhsin@yahoo.com

11 ساڵ لەمەوبەر لە تاریکستانی ژیانو مەینەتیەکانی کۆمەڵگای عێراق، لە ناو مەرگی بە کۆمەڵی منالآنی بە گەمارۆ برسی کراودا، لەگەڵ هاواری متکراوی بێبەشانی عێراقدا، لەپاڵ سەرگەردانکردنی کۆمەڵگای کوردستاندا، لەپاڵ هاتو هاواری مەرگی کۆمۆنیزمو ئینسانیەتدا، لەپاڵ شۆڕکردنەوەی زیاتری کۆمەڵگا بۆ موسیبەتە ئەزەلی نیشاندراوەکانی سەرمایەداریدا، لەپاڵ نەهێشتنەوەی هیچ تروسکایی‌یەك بۆ ئینسانەکان...، تروسکایی‌یەکی پرشنگدار، دەنگێکی تر، سەدای ژیانو پەیامی ئایندەو سبەینێیەکی تر بەرز بەرز کۆمەڵگای داگرتو تارمایی‌یەکەی دووبارە لەرزیان خستەوە دڵی پارێزەرانی سەرمایە، ئەوەش دەنگی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرکاریی عێراق بوو. بۆ هەموو ئەوانەی کە چاویان لەوە بڕی بوو کۆتایی بە نایەکسانیو تاڵانوبڕۆیی سەرمایەداری بهێنن، بۆ هەموو ئەوانەی کە ئەیانوویست پەیامەکەی مارکس بۆ ژێرەوژوورکردنی سیستمی سەرمایە جارێکی تر بەرز ڕابگرن، ئەمە ئومێدێکی گەورە بوو. بۆ هەموو ئەوانەی کە ئەیانوویست زیندانەکان بڕوخێنرێنو چیتر ئینسان لەسەر سیاسی بوونو سیاسەت کردن، زیندانی نەکرێنوئازاد بن، ئەم حزبەیان بە وەسیلەی دەستیان ئەزانی. بۆ هەموو ئەوانەی نەیانئەویست دەستی ماندوو لەسەر سکی برسی دانێنو بشبینن بەرهەمی کۆمەڵگا بەبەرچاویانەوە ئەکرێ بە قوڕگی تەوەزەلانی سەرمایەدا، بۆ هەموو ئەو ژنانەی ئەیانوویست وەك ئینسانی یەکسان تەماشا بکرێنو لە کۆمەڵگادا نەخشیان ببێ، بۆ هەموو ئەو ئینسانانەی ئەیانوویست منالآن ڕێزو کەسایەتی‌یان بۆ بگێردرێتەوە، بۆ هەموو ئەوانەی ئەیانوویست ئەمنیەتو ئاسایشو ئارامیو ئەمنیەتی ئابوری بەرقەرار بێت، بۆ هەموو ئەوانەی ئەیانوویست بزە بگەڕێتەوە سەر لێوی ووشکهەڵگەڕاوی هەمو بێبەشان،..... ئەم حزبە چرای ڕێ ڕۆشنکەرەوەو ڕێنوێنیکەرو ئومێدی ڕزگاری بوو. ئەو ڕابەرو چراو ئومێدە بە دەورو نەخشو لەسەر دەستی هاوڕێی ئازیز منصور حکمت درووست بوو. 11 ساڵە ئەم حزبە بۆ ئەم ئەرکو تێکۆشانەی هەموو ئەو ئیسانانە خۆی سازداوەو خەبات ئەکات. 11 ساڵە ئەم

حزبە لەڕێڕەوی خەباتی خۆیدا، بۆ بەگەڕخستنەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان تێ ئەکۆشێ. 11 ساڵە ئەم حزبە پەردە لە ڕووی سیاسەتی برسی کردن لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانکانیەوە کە بەسەر خەڵکی عێراقدا فەرز کرابوو، هەڵئەداتەوە. 11 ساڵە ئەم حزبە بۆ ئەوە تێ ئەکۆشێت کە ژیانێکی تر بێتە دی، ژیانێکی باشتر کە تیایدا ئینسان موحتاجی کارو پاروە نان نەبێ، کە تیایدا هەمووان وەك یەك یەکسان بن، کە تیایدا یاسای "هەر کەس بەگوێرەی تواناو هەر کەس بە پێی پێویست" بنەڕەت بێ، کە تیایدا ئینسان لە تەواوی قەیدو بەندی فکریو کۆمەڵایەتیو سیاسی ئازاد بێ، کە تیایدا ئینسان ئەصڵ بێت.

ئەم حزبە بوو نوێنەرانی بەعسی لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیدا ڕسوا کردو وەك پێشێلکەرانوسەرکوتکەرانی مافەکانی کرێکاران ناساندنی. ئەم حزبە بوو کە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس کارو خەباتی کردو چەندین هەڵسوڕاوی لە زیندانەکان بەند کران لەکاتێکا کە ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی خۆیان بە نەخشەوپیلانەکانی ئەمریکای بکوژی منالانی عێراقەوە بەستبۆوە. وە ئەم حزبە بوو کە لەکاتێکدا هەر ئەو هێزە بۆرژوازیيانە ئومێدی خۆیان بە تانكو فڕۆکەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە گرێ دابوو، دەنگی "نا"و نارەزایەتی لەدژی شەڕ بەرز کردەوەو هەر زوو ووتی کە ئەوە شەڕێك نیيە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق لە دەست دیکتاتۆریەتی ڕژێمی بەعسو بۆ ملهوڕی ئەمریکایە بەسەر جیهاندا، وە ژیانی مەدەنی خەڵکی عێراق هێندەی تر تێك ئەدا، وەك ئێستا ئەیبینین. هەر ئەم حزبە بوو ووتی کە ئەم نەخشەیەی ئەمریکا جانەوەرانی ئیسلامی سیاسی درو هارتر بەرئەداتە گیانی خەڵکو تەقاندنەوەو هەڕەشەکانیان لەدژی خەڵکی مەدەنیو ژنان زیاد ئەکەن.......

لە کوردستان هەر ئەم حزبەبوو کە زوو ووتی یەکێتیو پارتیو ئەحزابەکانی تری ناسیۆنالیزم فریان بەسەر خواستو ئومێدی خەڵکەوە نیيەو ئەوانە ڕێگری بەردەم ڕزگاری خەڵکن لە ستەمی میللی چەند ساڵەو ئەوانە نوێنەرانی چینە داراکانی کوردستانو دەسەڵاتیان بۆ پارە کۆکردنەوەیە، ئەبێ خەڵك ئایندەی خۆیانی لێ جیابکاتەوە. هەروا بوو، ئەوان خەڵکیان بردە بەردەم صندوقەکانی دەنگدان تا شەرعیەتی دەسەڵاتە دژی خەڵکیيەکەیان لەو خەڵکە بسەنو بە ناوی ئەوانەوە ڕاکەڕاکی ئەم دەوڵەتو ئەو دەوڵەت بکەن. وە 13 ساڵە فرسەتی ئەوە لەدەست خەڵك ئەدەن کە ئایندەو چارەنووسی خۆیان ببڕیننەوەو کوردستان بکەن بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەر حککع بوو کە ئەیووت ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە خەریکی چەتەییو عەشیرەتگەرین، وە دەستی ئیسلامیيەکان ئەگرنو ئەیانکەن بە ملۆزم بەسەر سەری خەڵکەوە. هەر ئەم حزبە بوو پەردەی لەسەر کاروکردەوە دژی خەڵکیيەکانی ئەوان لائەبرد، هەر بۆیەش هەر ئەم حزبە بوو کە هەمیشە ڕووبەڕووی ئیسلامیيەکان لە لایەكو دەسەڵاتداران لە لایەکی ترەوە ئەبووەوە، وە هەڵسوڕانیان قەدەغە ئەکردو هەڵسوڕاوانیان لە زیندانەکانیان توند ئەکرد، وە هەتا لێیان کوشت........هتد.

هەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو کە بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا لە پێشەوەی هەڵسوڕاوانی کرێکارییو بێکارانەوە ڕاوەستا کە ڕێکخراوەکانیان پێك بهێنن، وە بەشی پێشڕەوی نێویان بوو. هەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو، کە گێڕانی مەراسیمەکانی هەشتی مارسو بەرزکردنەوەی خواستەکانی ژنانو یەکی ئایارو بەرزکردنەوەی لائیحەی مافەکانی کرێکارانی کردە تەقلیدێکی خەباتکارانەی ناو کۆمەڵگای کوردستانو تەنانەت دواکەوتووترین لایەن ناچار ئەبوو خۆی بە لایەنگری کرێکارانو مافەکیانیانو ژنانو مافەکانیان لەقەڵەم بدات. هەر ئەم حزبە بوو بۆ یەکەم جار لە کۆمەڵگای عێراقو کوردستانیشدا، یاسایەکی کرێکاریی پێشڕەوو ئینسانی بێنێتە دەرەوەو هەڵسوڕاوانی کرێکاریی لەدەور کۆکاتەوە. هەر ئەم حزبە بوو بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو دوو کۆمەڵگایەدا یاسای یەکسانی تەواوی ژنانو پیاوانی

دەرکردو خستیە بەردەم کۆمەڵگاو کاری بۆ کرد. کە ئەمەش ئیسلامیەیەکانو خودی ئەحزابی ناسیۆنالیست–عەشائیری دەسەڵاتداری هەراسان کردو کەوتنە پیلان دارشتن لە دژی. ڕووبەڕووبوونەوەمان بوو لەگەڵیانو قوربانیمان دا لەو پێناوەدا. ئەم حزبە بوو ئەلگۆیەکی تری دەسەڵاتداری نیشان دا کە سەنتەری پارێزگاری ژنانی وەك گەورەترین تەحەدا لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی ژن کوژدا دروست کردو ژیانی سەدان ژنی پاراست. تەنها ئەم حزبە بوو کە مافەکانی ئینسانە بچوکە فەرامۆشکراوەکانی هێنایە سەر ساحەی سیاسی کوردستانو سەنتەری بەرگری لە مافەکانیانو حورمەتیانی دروست کرد، وە لائیحەی مافەکانی منالانی هێنایە دەرەوە. وە هەر ڕادیۆو دەنگی ئەم حزبە بوو وەك تاکە دەنگی ووتنی ڕاستی، تاکە دەنگی یەکسانیوئازادیو ئینسانیەت، ڕۆژانە خۆی ئەکرد بە ماڵە بێرەونەقو ساردو سرەکانی کرێکارانو خەڵکی زەحمەتکێشداو گوڕو تینی خۆنواندنو ئیرادەکردنی شۆڕشگێڕانەی پی ئەدان. ئەو ماوانە هەرچی کرێکاران، دەستفرۆشان، بێخانەولانەکان، فەرمانبەرانوموچەخۆران، خانەنشیان، مامۆستیان، لاوانو ژنان (و تەنانەت منالانیش)، لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بەعسیش ئەوانەی چاویان لە ڕووخانو نەمانی ستەمی ئەو ڕژێمە وەحشیە بریبوو، لەو کاتە دیاری کراوەدا، پێچی ڕادیۆکانیان بۆ سەر شەپۆلی "دەنگی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق" بائەداو لەگەڵ کارو خەباتی خۆیاندا جووتیان ئەکرد.

لەسەر وەزعیەتی عێراقو وێرانکاری 12 ساڵەی گەمارۆ، لەسەر نەخشەو پیلانی ئەمریکاو وێرانکاریەیەك کە بۆ ئەو کۆمەڵگایەی هێناوە، لەسەر دژایەتی سەرسەختی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردو هەموو حزبەکانی، وە لەسەرڕوویانەوە یەکێتیو پارتی، لەگەڵ خەڵکی کوردستان، لەسەر تەواوی ڕووداوە سیاسیو کۆمەلایەتیەیەکان، هەرچی ئەم حزبە ئەیووت، هەمووی پڕاوپڕ وا دەرچوون.

بەکورتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، سەربازی هەر کەموکوڕیەیەکی، جوانترینو ئازیزترین دیاردەی ناو کۆمەڵگای عێراق و کوردستان بووە لە تەمەنی پێکهاتنیەوە تا ئێستا.

کۆمەڵگای عێراقو کوردستان بەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو بانگەوازو کارو خەباتەکەی بۆ ڕزگاریو گەیشتن بە ئازادیو سۆسیالیزمو بە بێ ئاسۆی کۆمۆنیستی ئەم حزبە، ژیانو ئایندەیەکی تەڵخ باڵی بەسەردا ئەکێشێ؟!

لە یادی 11 ساڵەی پێکهاتنی ئەم دیاردە ئازیزەدا

پیرۆزبایی گەرم لە هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد، لیدەری حزب،

لەهەموو ڕابەرایەتی حزب،

لە هەموو ئەو هاوڕێیانەی دەستیان بوو لە پێکهێنانیدا،

لە هەموومان کە دەستمان بوو لە بردنە پێشەوەی کارو پرۆژەکانیدا،

لەهەموو ئەو ئینسانانەی کە لەهەر گۆشەیەکی ژیانیاندا، بەندێکی بەرنامەو کاری ئەم حزبەیان بەدەستەوە گرت،

لە کەسوکاری هاوڕێیانێك کە گیانیان بۆ ئامانجە پیرۆزەکانی ئەم حزبەو بۆ سۆسیالیزم بەخت کرد،

لەتەواوی بێبەشان،.... ئەکەم.

بژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2004/07/21